## ئەحمەد رامبۆ پاڵەوانی لەشجوانیی جیهانی:

# لێژنەی ئۆڵۆمپی نایەوێت لە رووی دارایی پشتگیریمان بکات

دیمانە: کارزان کانەبی






ئەحمەد مەجید ناسراو بە (ئەحمەد رامبۆ)، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧١ی شاری هەولێرە و دەرچووی بەشی ئامادەیی پیشەسازییە. یەکێکە لە پاڵەوانەکانی جیهان لە یاریی لەشجوانی کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و جیهان، هەروەها سەرۆکی یەکێتیی وابای لەشجوانیی کوردستانە، لەدوایین بەشداریکردنیشی لە پاڵەوانێتی مستەر یونیڤێری لەشجوانیی جیهانی لە وڵاتی فینلەندا توانی ببێتە پاڵەوانی جیهانی، کەس نییە لە کوردستان ناوی ئەحمەد رامبۆی گوێ لێ نەبووبێ، بە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامە باشەکانی، ئەو پاڵەوانە لەم دیمانەیەدا لەگەڵ بەشی وەرزشیی گۆڤاری گوڵان، ئاشکرایدەکات کە حەزی لە خواردنی کەبابە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە زۆر رقی لە درۆیە، نیگەرانی خۆیشی لەوە دەردەبڕێت کە لێژنەی ئۆڵۆمپی لە رووی دارایی پشتگیرییان ناکات.



*** ئاستی یاریی لەشجوانی بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- یاریی لەشجوانی لە کوردستان لە ئێستادا لە ئاستێکی زۆر باشدایە، بەڵام پێویستە گەنجەکانیش زیاتر خۆیان ماندووبکەن و بگەنە ئاستی نێودەوڵەتی .

*** بە بۆچوونی تۆ وەکو پاڵەوانێك چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێش چوونی ئەم یارییە؟**

-ئەگەر بەرپرسانی وەرزشی واز لەئێمە بێنن و دەست لە کارەکانی ئێمە وەرنەدەن، ئێمە چۆن خۆمان گەیشتینە ئاستی جیهانی، ئەو یارییەش وا بەڕێوەدەبەین کە نموونەی وەرزش بێت لە کوردستان.

*** کردنەوەی پاڵەوانێتیی ساڵانە بۆ یەك جار ئایا دەبێتە هۆکار بۆ پێشوەچوونی ئەم یارییە؟**

- نەخێر، ئەوە کێشەی ئێمەیە کە یەك پاڵەوانێتیی لە ساڵێك بۆتە عادەت، بۆیە ئەم یارییە بە گوێرەی پێویست نییە.

*** گرفتەکانی یاریی لەشجوانی زیاتر لە چیدا رەنگ دەداتەوە؟**

- لەوەدایە کە لیژنەی ئۆلۆمپی نایەوێت لە رووی دارایی پشتگیریمان بکات.

***کردنەوەی ئەم هۆڵانە تا چەند لایەنێکی خزمەت و ئەوی تری بازرگانی؟**

- لەهەموو دنیا هەر وەهایە ئەم هۆڵانە کەرتی تایبەتن، بەڵام خەڵکێکی زۆر باش سوودی لێبینیوە.

*** هەست ناکەی ئێستا ئەم یارییە لە ناو چینی گەنجان زیاتر پەرەی سەندبێت؟**

- نەك تەنیا لە ناو گەنجەکان، بەڵکو لە ناو هەموو تەمەنەکان بە ئافرەت و پیاو روویان لەم یارییە کردووە، بەڵام راستە زیاتر گەنج حەز بە ماسوولکەکان دەکەن لە یاریی لەشجوانی.

*** وەکو پاڵەوانێك بۆ داهاتوو بەرنامەت چییە؟**

- بەرنامەی داهاتووم ئەوەیە کە کار لەسەر ئەوە دەکەم کە ماڵی لەشجوانان رێکبخەم دوور لە هەموو دەستێوەردان و ناوچەگەرێتی ئەو یارییە، کە چۆن ئێستا سەرقافڵەی کاروانی سەربەخۆیی وەرزشی کوردستانی گرتۆتەبەر، دەبێت ئەوە بەردەوام دەبێت و جڵەوی ئەو سەرقافڵەیە بەرنەدات.

*** تاچەند بەکارهێنانی دەرمانی وزەبەخش کاریگەری دەبێت لەسەر یاریزانانی لەشجوانی، ئایا ئێوە وەکو یاریزان بەکاری دەهێنن؟**

-دەرمانی وزەبەخش وەکو هۆرمۆنەکان قەدەغەیە، بەڵام موکەمیلاتی خۆراکیی، زۆر پێویستە و بە گوێرەی پێویست هیچ کێشەی نییە.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان و پاڵەوانێك تا ئێستا چی بووە؟**

- من زیاتر لە ٣٠ پاڵەوانێتیی ناوخۆیی و دەرەوەی جیهانی بەشداریم کردووە و یەکەمی جیهان لەم ساڵدا بەرزترین ئەنجامە.

*** لە جیهان بە چ یاریزانێکی لەشجوانی زۆر سەرسامی؟**

- دوریان یەیتس کە زۆر بە ئاستی سەرسامم.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی بەردەوامی یاریزانان لە هەموو یارییەکاندا.




## یانەی بەرشلۆنە لە هەوڵـ


راپۆرتە وەرزشییە رۆژنامەییەکان دووپاتیانکردەوە یانەی بەرشلۆنە لە هەوڵی پەیوەندیکردنـە بە یاریزانی یانەی برۆسـیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی مارکـۆ ریۆس، ئەمەش لەکاتێکدایە یانەی ریال مەدرید لە هەوڵی بەدەستهێنانی تواناکانی ئەو یاریزانەیە. رۆژنامەی مارکای ئیسـپانی بڵاویکردۆتەوە ئەو یانە کەتەلۆنییە دەیەوێت زوو دەسـتی خۆی بوەشـێنێت و بەر لە یانەی ریـال مەدرید لەگەڵ ئەو یاریزانە بگاتە رێککەوتن بەشـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، چونکە بەرشـلۆنە باش دەزانێت کە لە ئێستادا ناتوانێت

## هازارد پێکهاتەی زێڕینی خۆی ئاشکراکرد

ئەسـتێرەی هەڵبـژاردەی بەلژیکا و یانەی چێلسـی ئینگلیزی ئیدین هازارد ناوی هەردوو یاریزان کریسـتیانۆ رۆناڵـدۆی پورتوگالـی و لیۆنییل میسـی ئەرژەنتینی لە پێکهاتەی باشـترین یاریزانی مێـژوو لە دیدی خۆیدا دوورخسـتەوە.لەمبارەیەوە رۆژنامـەی میرۆری بەریتانی بڵاویکردۆتەوە هـازارد پێکهاتەی زێرینی راگەیاندووە کە سێ یاریزانی ئەرسنال لەخۆدەگرێت.بەپێی ئەو پێکهاتەیەی هازارد دەستنیشانیکردووە:
پیتەر شـمایکل گۆڵپارێز و بۆ هێڵی بەرگری لۆران بلان و مارسیل دیسـایی و فابیۆ کاناڤارۆ و رۆبرتۆ کارلۆسی دەستنیشـانکردووە. هەروەها هازارد بۆ هێڵی ناوەڕاسـت هەریەك لـە باتریك ڤیێرا و لویس فیگـۆ و پاڤل نیدڤید و رۆبەرت پیرسـی دەستنیشانکردووە.سـەبارەت بە هێڵی هێرشـبردن هازارد هەریەك لە پاتریـك کلۆفرت و دینیس بیرکامبی دیاریکردووە.شـایەنی وتنە هازارد بە شێوەیەکی بەرچـاو لەگەڵ یانەی بلـوز بە رابەرایەتـی مۆرینهۆ ئاسـتێکی بەرزی پێشـکەش دەکات و جێگەی بایەخی سەرجەم یانەکانی ئەوروپایە .

## نیمار دەنگی بە میسی و کریستیانۆ داوە

یاریزانی بەڕازیلی و یانەی بەرشلۆنە نیمار داسیڤا ئاشکرایکرد بۆ هەڵبژاردنی باشـترین یاریزان و بەدەستهێنانی تۆپی زێڕین دەنگی بە یاریزانان لیۆنیل میسـی ئەرژەنتینی و کریسـتیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی وخافێر ماسـکیرانۆی ئەرژەنتینی داوە. دەنگدانی نیمار بۆ یەکەمجارە ئەوەش وەکو کاپتنی هەڵبژاردەی بەڕازیل بەشـداربووە لە دەنگدان و لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی گلۆبۆی بەڕازیلی نیمار ئەوەی دركاند کە بۆ هەڵبژاردنی باشـترین یاریزانی جیهان دەنگی بە هەردوو هاوڕێی لە تیپی بەرشـلۆنە لیۆنیل میسی و خافییر ماسـکیرانۆ داوە لەگەڵ کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی. بەپێی هەڵبژاردنەکانی نیمار لەسەرەتا دەنگی بە میسی داوە، دواتر بە کریستیانۆ، لە خانەی سێیەمیش دەنگی بە ماسکیرانۆ داوە.
شایەنی باسە شانبەشانی میسـی و کریستیانۆ گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و بایەرن میونشـن مانوێل نۆیەر لە ریزی لیستی کۆتایی فیفان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٤ و بەدەستهێنانی تۆپی زێڕین .



## ــــــــی رازیکردنی مارکۆ ریۆسە

لەگەڵی گرێبەســـت واژوو بکات، بـــەڵام دەیەوێت بڕوا بـــە ریۆس بهێنێت بۆ ماوەی ســـاڵێك چـــاوەڕێ بکات، تـــا بگوازرێتەوە بلوگرانا ئەمیـــش دوای ئەوەی یانەکە دەگەڕێتەوە بازاری گواســـتنەوە و ئەو سزایەی بەسەری سەپێندرابوو بەکۆتا دێت.

شایەنی وتنە یانەی ریال مەدرید رایگەیاندبوو شاندێکی رەوانەی ئەڵمانیـــا دەکات بۆ چاودێریکردنی کۆتاییهێنان بە گرێبەســـتی یاریزان مارکۆ ریۆسی ئەڵمانی، بەپێی راپۆرتەکانیش گرێبەستی ناوبراو ٢٥ ملیۆن یۆرۆیە.

